دووەم بابەت :

**کورد لە شارستانییەتی ئیسلامدا :**

شـــارســـتانییەتـــی ئیســـلامـــی چییە؟ سەرەتا دەبێت بزانین کە شارستانییەت لە ڕووی زمانەوانییەوە بەواتای "شارنشینی" دێت، لە ڕووی پێناسەشەوە بریتییە لە "بەدەست هێنان و داهێنانەکانی مرۆڤ بە درێژایی مێژوو. ئیتر ئایا ئەو بەدەست هاتووانە مادین یاخوود بیردۆزیی و واتایی".
لەگەڵ ئەوەشدا هەر یەك لەم شارستانیەتیانە خاوەنی شوێن و پێگە و تایبەتمەندی تایبەت بە خۆیانن، چونکە یەکێك لە بنچینەکانی شارستانیەت بریتین لە ململانێی نێوان مرۆڤ و ئەو سروشتانەی کە تیایەتی. هەروەها شارستانیەت بەوە ناسێنراوە کە لەگەڵ ژیانی جێگیر و ئارامدایە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ پێشکەوتنی مرۆڤەکانی نێو ئەو شارستانییەتە، تاوەکو پەرەی زیاتر بدەن بە زانستەکان. هەر بەم جۆرەش بووە کە شارستانیەتەکان یەك لە دوای یەك بە میرات بۆ نەوەکانی دواتر گوازراوەتەوە...

**چەمکی شارستانیەت** ( حضارة ) **لە زمانەوانیدا واتای نیشتەجێبوونە لە ئاوەدانیدا، لە شوێنی مەڵبەندی بنیاد وبینادا کە بێچەوانەی دەشتەکییە وبنیادی ژیاری هیناوە دەشتەکیبوونی بە بنەڕتی ژیار داناوە و شارستانیەت بەرتەسکترە لە شارستانیەت بە واتای نوێی ئەمڕۆی، چونکە تەنها جەخت دەکاتەوە سەر لایەنی زێدەڕۆیی چالاکی مرۆیی ودووری دەگرێ لە چالاکی ئایینی و عەقلی وئاکاری**.

**لە فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبیدا لە بارەی مانای زاراوەی شارستانیەتەوە بەم جۆرەیە (( شارستانیەت** ( حضارة ) **پێچەوانی، کۆچەری** ( **بداوە** ) **یە وئەمەش بۆ خۆی بەرامبەرە لەگەڵ کێوییوون و بەربەرییەتدا,شارستانیەت بریتییە لە قۆناغێکی بەرز لە قۆناغەکانی گەشەسەندنی مرۆڤایەتی و کۆکراوەیەکە لە لایەنەکانی پێشکەوتن و پەرەسەندنی زانستی وهونەری وئەدەبی کە لە نەویەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە و لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگوێزرێتەوە ))**.

**هەر لەم بارەیەوە ابن خلدون دەڵێت : ( شارستانیەت بریتییە لە هونەری زیادڕۆیی لە بنەماکانی پیشەسازی بەکارهاتوودا، بە تەواوی شێوە وجۆرەکانیەوە کە خۆی لە دروستکردنی خواردن وجلوبەرگ وبیناسازی وباقی کەلوپەلەکانی ناو ماڵدا دەبینێتەوە، دیارە ئەمانەش پێویستی بە دروستکردن**

**وقوڵبوونەوە هەیە لە بابەتەکاندا و بەم قوڵبوونەوەیەش کەسەکان دەبن بە پسپۆڕ و شارەزا و لێرەشەوە کۆمەڵگا لە کۆچەری ( بداوە ) بەرەو شارنشینی وشارستانیەت دەڕوات ).**

**هەروەها لە لای بیریارانی نوێ هەر یەك بە جۆریك باسی کردوە بە بۆچوونی مێژوونووس ( ئارنۆڵد تۆینبی : ( شارستانیەت بریتیە لە سەرجەم ئەو کارانەی مرۆڤ ئە نجامی ئەدات لە بوارەکانی کۆمەلایەتی وزانستی وعەقلێدا ).**

شـــارســـتانیەتـــی ئیســـلامی چییە !؟
شارستانییەتی ئیسلام بە بەرهەمی تێکرای ئەو کۆمەڵە خەڵکە دەوترێ لە میللەتە جۆراوجۆرەکانی ژێر سایەی ئیسلام و حکومی ئیسلامی، کە لە سەردەمە جیاواز و یەك لە دوای یەکەکانەوە بەرهەم هاتووە... ئیتر ئایا ئەو گەلە یان کۆمەڵە خەڵکە باوەڕدار بووبن یاخوود ڕەزامەند بووبن بە حکومی ئیسلامیی و فەرمانڕەوای مسوڵمانانیان لا پەسەند بووبێت.

شـــارســـتانییەتـــی ئیســـلامـــی دوو جۆرە:
1- شارستانیەتی ئیسلامی ڕاستەقینە...
ئەم جۆرەیان سەرچاوەی سەرەکی و ڕاستەقینەی شەریعەتی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە لە قورئان و سوننەت و پێشینەکان.
2- شارستانیەتی ئیسلامی بەرجەستەکراو...
ئەمەیان بەرهەمی لێکۆڵینەوەی ئەو زانایانەیە کەوا بە درێژایی هەزار ساڵ لەماوەی حوکمی ئیسلامییدا ئەنجامیانداوە، بە سوود وەرگرتن لە شارستانیەتەکانی پێشین و ئەزموونکردنی.

شارستانییەتی ئیسلامی تاکە شارستانییەتە لە مێژوودا کە بانگەشەی بۆ یەك ئایینی کردووە و توانیویەتی ئایینەکانی تریش لەناو خۆیدا جێ بکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا شارستانییەتی ئیسلامی درێژکراوەی هەمان زنجیرەی شارستانییەتی مرۆڤایەتییە، پڕیشە لە داهێنانی ناوازە لە بوارەکانی زانست و هونەردا و خاوەنی تایبەتمەندی تایبەت بە خۆیەتی.
سەرەتای شارستانیەتی ئیسلامی بە دەورانی پێغەمبەر دەست پێدەکات لەنێوان ساڵانی (1-11ك)، پاشان درێژەی دەبێت بە کۆمەڵێ گەشەسەندن و پەرەسەندنی ئەم شارستانییەتەوە لە سەردەمی خیلافەتی ڕاشیدین لەنێوان ساڵانی (11-40ك). لە سەردەمی خیلافەتی ئومەویی (41-132ك) زیاتر کاریگەری و دەرکەوتەکانی ئەم شارستانییەتە بەدەردەکەون،کاتێك میللەتانی جیهان زیاتر دێنە نێو ئەم شارستانییەتەوە لە "ئەفریقیا، ئەندەلوس" بۆ ئەوپەڕی

رۆژهەڵات لە "چین، هیند". ئەمەش بەردەوامی هەیە لە سەردەمی عەباسییەکان (132-656ك) وسەردەمي مەغول وئەیوبیەکان (567-648ك)و سەردەمی مەمالیکەکان (648-922ك) و هەروەها دواتریش لە سەردەمی عوسمانییدا.